# سەرمایەداریی چاودێریی

(شیکردنەوەیەکە بۆ لۆژیکی نوێی دەسەڵات لەسەر بنەمای تێزەکانی شوشانا زوبۆف)

**پرۆفیسۆری یاریدەرەر د. کامەران محەمەد**

**زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کلتوورییەکان**



١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٥ توێژینەوە

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شـــیکرنـەوەیـەک بۆ چەمکی (ســـەرمـایەداریی چـاودێری (Surveillance Capitalism ئـەنجـام دەدات، کە لەلایەن بیرمەنـدی ئەمریکی (شـوشــانا زوبۆف Shoshana Zuboff)ەوە دارێژراوە. بە پشــتبەســتن بە کتێبە

بنەڕەتییەکەی زوبۆف (سەردەمی سەرمایەداریی چاودێری: خەباتێک بۆ داهاتوویەکی مرۆیی لە سنووری نوێی دەسەڵاتدا) و چاوپێکەوتنێکی گرنگی (مارتن لوغرو) لەگەڵ زوبۆف بە ناونیشانی: (دیمانەیەک لەگەڵ شۆشانا زوبۆف: سەرمایەداریی چاودێری ژیان دەکاتە کەرەستەی خاو لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا). ئەم کارە لە سروشت، میکانیزم و دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم لۆژیکە ئابوورییە نوێیە دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە سەرمایەداریی چاودێری تەنها مۆدێلێکی بازرگانی نییە، بەڵکوو فۆرمێکی بێوێنەی دەسەڵاتە، کە زوبۆف ناوی دەنێت (دەسەڵاتی ئامرازی Instrumentarian Power)، ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی (زیادەی ڕەفتاری Behavioral Surplus) و گۆڕینی بۆ (بەرهەمی پێشبینی Prediction Products) دەوە کار دەکات، کە ئامانجی کۆتایی تەنها پێشبینیکردنی ڕەفتاری مرۆڤ نییە، بەڵکوو دەستکاریکردن و ئاڕاستەکردنیەتی لەپێناو قازانجدا. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە هەڕەشەکانی ئەم دیاردەیە بۆ سەر سەربەخۆیی تاک، تایبەتمەندی و بنەماکانی دیموکراسی دەخاتەڕوو و جەخت لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتیی هۆشیارانە دەکاتەوە.

وشە کلیلییەکان: (سەرمایەداریی چاودێری، شوشانا زوبۆف، زیادەی ڕەفتاری، دەسەڵاتی ئامرازی، مۆدێرنیتەی دووەم).

## پێشەکی

لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ژیانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی بێوێنە لەگەڵ تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا تێکەڵ بووە. پلاتفۆرمەکانی وەک گووگڵ، فەیسبووک و ئەمازۆن لە ئامرازی پەیوەندی و زانیارییەوە بوونەتە ژێرخانێکی بنەڕەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. ئەم خزمەتگوزارییانە، کە زۆربەیان (بێبەرامبەر) پێشکەش دەکرێن، لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای لۆژیکێکی ئابووریی شاراوە کار دەکەن، کە کاریگەریی قووڵیان لەسەر تاک و کۆمەڵگە هەیە. شوشانا زوبۆف، پرۆفیسۆری کارگێڕیی بازرگانی لە زانکۆی هارڤارد، یەکەم کەس بوو، کە ئەم سیستەمە نوێیەی بە وردی شیکردەوە و ناوی لێنا (سەرمایەداریی چاودێری).

ئەمە تەنها پەرەسەندنێکی سروشتیی سەرمایەداریی دیجیتاڵی نییە، بەڵکوو جۆرێکی ناپەسەندی سەرمایەدارییە، کە لەسەر بنەمای دەستبەسەرداگرتنی ئەزموونی مرۆیی وەک ماددەیەکی خاوی بێبەرامبەر کار دەکات و بۆ داتای ڕەفتاری دەیگۆڕێت.

ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم چەمکە بکۆڵێتەوە. ئەم کارە چوار ئامانجی سەرەکی هەیە: یەکەم، ڕوونکردنەوەی بنەما تیۆری و مێژووییەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی چاودێری. دووەم، شیکردنەوەی میکانیزمەکانی کارکردنی، لە دەرهێنانی داتا و (زیادەی ڕەفتاری)یەوە تا دەگاتە دەستکاریکردنی ڕەفتار. سێیەم، خستنەڕووی دەرەنجامە مەترسیدارەکانی بۆ سەر ئازادیی تاک و تایبەتمەندی و داهاتووی کۆمەڵگە دیموکراتییەکان. چوارەمیش هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەی تیۆرانییەکانی زۆبۆف.

## سەرهەڵدان و لۆژیکی سەرمایەداریی چاودێری

### چەمکی سەرمایەداریی چاودێری

سەرمایەداریی چاودێری لەدایکبووی چرکەساتێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو لە پرسیارێکی بنەڕەتییەوە سەرچاوەی گرت، کە لەساڵی ١٩٨١ لەلایەن کەسێکەوە ئاراستەی شوشانا بۆزۆف کرا: "ئایا هەموومان وامان لێدێت بۆ ئامێرێکی زیرەک کار بکەین، یان خەڵکی زیرەکمان دەبێت، کە لە دەوروبەری ئامێرەکە بن ؟"[1] ئەم پرسیارە گرکانێکی فیکری لای بۆزۆف هەڵگیرساند، کە دوای چەند دەیەیەک بووە هۆی لەدایکبوونی چەمکی (سەرمایەداریی چاودێری). ئەم توێژینەوەیە لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو پرسیارە دەڕوات و هەوڵدەدات وەڵامێک بۆ پرسیارێکی قووڵتر بدۆزێتەوە: "ئایا داهاتووی دیجیتاڵی دەتوانێت ماڵی ئێمە بێت؟" لە سەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان سێ ملیار کەسی گرتووەتەوە، پرسیارە کۆنەکانی پەیوەست بە زانیاری، دەسەڵات بە شێوازێکی نوێ و ئاڵۆز خۆیان نمایش دەکەن[2]. ئەگەرچی ئەم پرسیارانە نوێ نین، بەڵام بڵاوبوونەوەی خێرای تەکنەلۆژیا وایکردووە، کە کاریگەرییان لەسەر (شارستانیەتی زانیاری) بێسنوور بێت. ئەم کاریگەرێتییە تەنها لەسەر ئاستی تاکەکەس نییە، بەڵکوو دەگاتە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە تێیدا داتاکان دەبنە سەرچاوەیەکی نوێی سەرمایە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی قووڵ بچینە نێو ئەو چەمکانەوە و لەوە بکۆڵینەوە کە چۆن ئەم پرسیارە کۆنانە لە شێوازە نوێیەکانی سەرمایەداریی چاودێریدا خۆیان دەردەخەن، نەک تەنها وەک دیاردەیەکی تەکنۆلۆژی، بەڵکوو وەک قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا.

---

1 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Power (New York: PublicAffairs, 2019), p 11.

2 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Power (New York: PublicAffairs, 2019), p 11.

زۆبۆف جەخت لەســـەر جیاکردنەوەی نێوان ســـەرمایەداریی چاودێری و ئەو تەکنەلۆژیایانە دەکاتەوە کە بەکاری دەهێنێت. پێیوایە ســـەرمایەداریی چاودێری (لۆژیکێکە کە تەکنەلۆژیـا بەکـار دەهێنێـت و فەرمـانی پێ دەکـات)، نەک خودی تەکنەلۆژیا. ئەمە خاڵێکی سەرەکییە، چونکە کۆمپانیاکانی چاودێری دەیانەوێت وامان لێبکەن بـاوەڕ بکەین، کە کـارەکـانیـان حەتمییەتی تەکنەلۆژیـاکەن. بەڵام نووســـەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (حەتمییەتی تەکنەلۆژیایی بوونی نییە) و تەکنەلۆژیا هەمیشـە ئامرازێکی ئابوورییە و لە لایەن ئامانجە ئابوورییەکانەوە ئاراسـتە دەکرێت. بۆیە ئەمە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشـــتنی ڕاســـتەقینەی ســـەرمایەداریی چاودێری. جیاکردنەوەی نێوان لۆژیکەکە و ئامرازەکان ڕوونکردنەوەیەکی بنەڕەتی پێشـــکەش دەکات[3].

زوبۆف چەمکی (ســەرمایەداریی چاودێری) وەک ســیســتەمێکی ئابووریی نوێ پێناســە دەکات، کە پشــتی بە بەدواداچوون، شــیکردنەوە و پێشــبینیکردنی ڕەفتاری بەکارهێنەران بۆ بەدەســـتهێنانی قازانج بەســـتووە. بەپێچەوانەی ســـەرمایەداریی کلاسـیک کە تەرکیزی لەســەر بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە، ســەرمایەداریی چاودێری لەســـەر بنەمای گۆڕینی داتای کەســـی بۆ کاڵا دامەزراوە. زوبۆف پێیوایە ئەم فۆرمە نوێیەی سەرمایەداری، تاکەکان تەنها وەک بەکاربەر سەیر ناکات، بەڵکوو وەک ســـەرچـاوەی داتـا دەیـانبینێت، کە تێیدا وردترین زانیـارییەکـانی ژیـانیـان بۆ سەرچاوەیەکی قازانجبەخش بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەگۆڕدرێت[4].

---

3 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Power (New York: PublicAffairs, 2019), p 18.

4 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 11.

### گووگڵ و سەرمایەداریی چاودێری

زوبۆف تیشـــک دەخاتە ســـەر کۆمپانیای گووگڵ وەک نموونەی ســـەرەکیی ئەم مۆدێلە و تەنانەت پێیوایە گووگڵ ســـــەرمایەداریی چاودێری داهێنا و کامڵی کرد، هەروەک چۆن سەدەیەک لەمەوبەر جەنەڕاڵ مۆتۆرز (سەرمایەداری بەڕێوەبردن)ی داهێنا و کامڵی کرد. گووگڵ لە هزر و کردەوەدا پێشـەنگی سـەرمایەداریی چاودێری بوو، خەرجی زۆری بۆ توێژینەوە و پێشـــکـەوتن هەبوو و لە تـاقیکردنەوە و جێبەجێکردنـدا ڕێگـا خۆشـــکەر بوو، بەڵام چیتر تـاکە ئەکتەر نییە لەم ڕێگەیەدا. ســـەرمایەداریی چاودێری بە خێرایی بە فەیســـبووک و مایکرۆســـۆفتدا بڵاو بۆوە. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئەمازۆن بەرەو ئەم ئاراسـتەیە ڕۆیشـتووە و ئەوەش هەردەم ئـاڵنگـارییـەکـە بۆ ئەپڵ، هەم وەک هەڕەشـــەیەکی دەرەکی و هەم وەک ســـەرچاوەی مشـــتومڕ و ململانێی ناوخۆیی[5]. وردتر گۆگڵ بە پشـــتبەســـتن بە بیرۆکەکانی ئابوورینـاس (هال ڤاریان)، بڕیاریدا داتا و مێتاداکانی بەکارهێنەرانی بۆ پێشـکەشـکردنی ڕیکلامی تایبەتمەند بەکار بهێنێت. ئەم بڕیارە دژ بەو بێزارییە بوو، کە دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە، (ســـێرگی برین و لاری پەیج)، پێشـــتر بۆ ڕیکلام دەریانبڕی بوو. بەڵام وەبەرهێنەران بۆ هەمیشـە چاوەڕێی قازانجەکانیان نەبوون، (و ئێڵ. پەیج) هیچ ئارەزوویەکی نەبوو ببێتە نیکۆلا تێسـلایەکی تر، (واتە ئەو ئەندازیارە نایابەی کە مرد، بێ ئەوەی هیچ کاتێک ســوود لە داهێنانەکانی خۆی وەربگرێت). جگە لەوەش، گووگڵ دەستی دەگەیشت بە گەنجینە گەورەکانی زانیاری و بۆ گۆڕینی ئەم داتایانە بۆ پێشـــبینیکردن دەربارەی ئەو تاکانەی کە لەوانەیە کلیک لەســـەر ڕیکلامە پیشـــاندراوەکان بکەن، خاوەنی توانای زانســـتی نایاب بوو. بەم شـــێوەیە

---

[5] ( ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 14.

گووگڵ لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٤دا، (سەرمایەداریی چاودێریی) داهێنا. داهاتی بە ڕێژەی ٣٥٩٠% زیادیکرد[6]!

دواتر زۆبۆف ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن گووگڵ دەستی بە کۆکردنەوەی بڕێکی زەبەلاحی داتا لە ڕێگەی تۆمارەکانی گەڕان، شوێنی جوگرافی و ڕەفتاری بەکارهێنەرانەوە کرد. کۆمپانیاکە تەنها بە باشترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەرەوە نەوەستا، بەڵکوو ڕێگەی بۆ فرۆشتنی ئەم داتایانە بە ڕیکلامکەران دۆزییەوە، کە ئەمەش وای لێکرد بتوانێت پێشبینیی ڕەفتاری بەکارهێنەران بکات و بۆ زیادکردنی کارلێک و بەدەستهێنانی قازانج کاریگەرییان لەسەر دروست بکات[7].

### ئەپڵ و هاککردنی سیستەمی سەرمایەداری

زۆبۆف وەک نموونەیەک ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە سەرکەوتنی ئەپڵ نەک تەنها وەک دەستکەوتێکی تەکنەلۆجی، بەڵکوو وەک (هاککردنێک) بۆ خودی سیستەمی سەرمایەداری. نووسەر مۆدێلی ئەپڵ لەسەر بنەمای (iPod/iTunes) بە مۆدێلی کلاسیکیی (بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ)ی سەدەی بیستەم (کە هێنری فۆرد و ئەلفرێد سلۆن پێشەنگیان دەکرد) بەراورد دەکات. لە کاتێکدا مۆدێلی کۆن لەسەر بنەمای فرۆشتنی بەرهەمێکی ستاندارد بە (کڕیاری گشتی) دامەزرابوو، ئەپڵ ئەم هاوکێشەیەی پێچەوانە کردەوە[8]. ئەو لە ڕێگەی دیجیتاڵکردنەوە، توانیی بەرهەم

[6] ) Sébastien Broca: Surveil and Predict
About: Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism. The Fight for a Human Future at the New Frontier of Power, Public Affairs, t: Renuka George, (https://laviedesidees.fr/Surveil-and-Predict), (2/9/2025).

[7] ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 11.

[8] ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 26.

(بۆنموونه مۆسـیقا) له قالّبی فیزیکی (CD) ڕزگار بکات و ڕاسـتەوخۆ بیگەیەنێت به بەکارهێنەر، بەمەش دەسـەلاتی دایه تاکەکان کە ئەزموونی بەکارهێنانی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن (ئەوەی دەمەوێت، کەی دەمەوێت، لەکوێی دەمەوێت).

بۆیە ئەو ڕاڤە ڕووکەشییانە ڕەت دەکاتەوە، کە سەرکەوتنی ئەپڵ تەنها بۆ دیزاینی جوان یان ئاسـانکاری دەگەڕێننەوە. لەبری ئەوە، دەڵێت هۆکاری بنەڕەتیی ئەم سـەرکەوتنە گەورەیە، توانای ئەپڵ بوو بۆ تێگەیشـتن و وەلامدانەوەی گۆڕانێکی مێژوویی قووڵتر: گۆڕانی کۆمەڵگە لە (کۆمەڵگەی بەکۆمەڵ mass society) ەوە بۆ (کۆمەڵگەی تاکەکان society of individuals ). ئەپڵ بە پێدانەوەی بەها و داننان بە پێداویسـتییەکانی تاک، توانیی ئەو بۆشـاییيه پڕ بکاتەوە کە سـیسـتەمە کۆنەکان دروستیان کردبوو[9].

لە هـاوکـات زۆبۆف ئەم سـەرکەوتنە بە ململانێیەکی مێژوویی گەورەترەوە دەبەسـتێتەوە: پێکدادانی نێوان دوو هێزی دژبەیەک. یەکەمیان، (ڕەوتی مێژوویی درێژخایەنی مۆدێرنیزە و پرۆسـەی تاکگەرایی)ە. دووەمیان، (پارادایمی ئابووریی نیولیبراڵ)ە، کە بەپێی بۆچوونی ئـەو، هەوڵی کپکردن و لەنـاوبردنی ئیرادەی سـەربەخۆی تاک دەدات. لە ئەنجامیشـدا پێمان دەڵێت: کە هەمان ئەم پێکدادانە مێژووییەی زەمینەی بۆ (موعجیزەکەی ئەپڵ) خۆشـکرد، لە هەمان کاتدا هەلومەرجی بۆ سـەرهەڵدان و گەشـەی (سـەرمایەداریی چاودێری surveillance capitalism) ڕەخساند، کە بە دیوە تاریکەکەی ئەم مۆدێلە نوێیە دادەنرێت[10].

[9] ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 26.

[10] ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 26.

سـرمایەداریی چاودێری وەک دیاردەیەکی پلان بۆ دارێژراو لەناو (DNA)ی شـۆڕشـی تەکنەلۆژیدا بوونی نەبوو[11]. بەپێی گێڕانەوەی زوبۆف، ئەم دیاردەیە بە (ڕێکەوت) و لە ئەنجامی فشـارێکی ئابوورییەوە لەدایک بوو. لە سـەرەتای سـاڵانی ٢٠٠٠، کاتێک (بڵقی دۆت-کۆم) خەریک بوو بتەقێتەوە، گووگڵ، کە لە سـەرەتادا ڕقی لە ڕیکلام بوو، بۆ دۆزینەوەی مۆدێلێکی قـازانجبەخش کەوتە ژێر فشـاری وەبەرهێنەرانەوە. لەم (دۆخە نائاسایییە)دا بوو، کە ئەندازیارانی گووگڵ دۆزینەوەیەکی چارەنووسـسـازیان دۆزییەوە، ئەو داتایانەی کە پێشـتر وەک (پاشـەڕۆ)ی پرۆسـەی گەڕان سـەیر دەکران، بۆ نموونە (کات، شـوێن، شـێوازی نووسـینی پرسـیارەکان)، لە ڕاسـتیدا گەنجینەیەکی شـاراوە بوون. ئەم داتایانە، کە زوبۆف ناوی دەنێت (زیادەی ڕەفتاری Behavioral Surplus) هێزێکی پێشبینی سەرسوڕهێنەریان هەبوو[12].

لێرەوە لۆژیکی بنەڕەتیی سـەرمایەداریی چاودێری لەدایک بوو، کە لەسـەر سـێ پایەی سەرەکی دامەزراوە:

کردەی گۆڕینی ئەزموونی مرۆیی بۆ داتایە. ئەمە تەنها ئەو زانیاریانە ناگرێتەوە، کە بەکارهێنەر بە ئاگایی دەیدات، (وەک پرسـیاری گەڕان یان پۆسـتێک)، بەڵکوو هەموو ئەو نیشـانە دیجیتاڵییانەی کە بەجێی دەهێڵێت: (جووڵەی ماوس، ماوەی مانەوە لەسەر وێنەیەک، تۆنی دەنگ، شوێنی جوگرافی و تەنانەت شێوازی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل).

11 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف: رأسمالية المراقبة تُحوِّل الحياة إلى مادّة أوليّة طَوْعَ مصالحها، ت: يحيى بوافي،
https://www.mominoun.com/articles/7014حوار-مع-شوشانا-زوبوف-رأسمالية-المراقبة-تحول-الحياة-إلى-مادة-أولية-طوع-7014

12 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 63.

ئەم (زیـادەی ڕەفتـاری)یە خـاوە لە ڕێگەی ئەلگۆریزمە ئـاڵۆزەکـانی زیرەکیی دەسـتکردەوە بۆ دروسـتکردنی (بەرهەمی پێشـبینیPrediction Products) شـی دەکرێتەوە. ئەم بەرهەمانە بە وردییەکی ترسناکەوە پێشبینی ئەوە دەکەن، کە ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا چی دەکەین، چی دەکڕین، چ هەســتێکمان دەبێت، یان دەنگ بە کێ دەدەین.

ئەم بەرهەمانەی پێشبینی لە بازاڕێکی نوێدا دەفرۆشرێن، کە زوبۆف ناوی دەنێت (بازاڕی داهاتووی ڕەفتارBehavioral Futures Market ). کڕیارە سەرەکییەکانی ئەم بـازاڕە لە ســەرەتـادا ڕیکلامکەران بوون، بەڵام ئێســتـا فراوان بووەتەوە و کۆمپـانیـاکـانی بیمە، بـانکەکـان، دەزگـا ئەمنییەکـان و ئەکتەرە ســیـاســییەکـانیش دەگرێتەوە[13].

ئەوەی کە لەم سێ قۆناغەوە دروست دەکرێت، بریتییە لە (بازاڕی مامەڵەکردن بە داهاتووی هەڵسـوکەوت)ەوە. لەم بازاڕەدا، سـەرەتا وردترین جووڵە و کارلێکەکانی مرۆڤ کۆ دەکرێنەوە. دواتر ئەم زانیارییە خاوانە شـــی دەکرێنەوە و لێکدەدرێنەوە، بۆ ئەوەی ببنە جۆرێک لە (کاڵای پێشـــبینیکەر)، دەتوانن بە وردی پێشـــبینی ئەوە بکەن، کە هەر کەسێک لە داهاتوویەکی نزیکدا چی دەکات، چی دەکڕێت، چۆن هەست دەکات، یان دەنگی بە کێ دەدات. لە کۆتاییدا ئەم کاڵا پێشـــبینیکەرانە لە بازاڕێکدا دەفرۆشـــرێن، کە ســـەرەتا بۆ ڕیکلامکەران بوو، بەڵام ئێســـتا گشـــتگیر بووە و دەزگاکانی وەک بیمە و بانکەکان و لایەنە سـیاسـییەکانیشـی گرتووەتەوە. ئەمەش واتـای وایە، کە هەڵســـوکەوتی مرۆڤ بووەتە مـاددەیەکی خـاوی بەهـادار، کە دەفرۆشرێت و دەکرێت کاریگەری لەسەر دروست بکرێت.

---

[13] ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

بۆ نموونە، فەیسبووک لە ساڵی ٢٠١٨دا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ناوەندی ژیریی دەستکردی (ڕۆژانە ملیارەها داتا چارەسەر دەکات و لە هەر چرکەیەکدا شەش ملیۆن پێشبینی بۆ ڕەفتاری مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت)[14]. ئەمە نیشانەی قەبارەی ترسناکی ئەو ئۆپەراسیۆنەیە، کە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەی کردووەتە کەرەستەی خاو بۆ کارگەیەکی پێشبینیی بێوچان.

لێرەوە دەتوانین بڵێین بەراوردکردنی (سەرمایەداریی چاودێری) لەگەڵ (خەونی دیجیتاڵی)ی سەرەتاییدا شیکردنەوەیەکی قووڵە، کە جەخت لەسەر ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە دەکاتەوە. بەراوردکردن بە (کۆمپانیا وەک خوێنمژێک کە لەسەر ئەزموونی مرۆڤ دەژی) تەواو وەک ئەوەی زیاتر لە سەدەیەک پێشتر (مارکس) بە وردی ئاماژەی پیکردبوو. زۆبۆف بە لێهاتوویی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئێمە (بەکارهێنەر) نین، بەڵکوو (سەرچاوەی کەرەستەی خاو)ین[15].

**دوو مۆدێرنیتە**

زۆبۆف پێیوایە لە جیهاندا دوو قۆناغی سەرەکیی مۆدێرنیتە هەیە، کە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤی گۆڕیوە. مۆدێرنیتەی یەکەم لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان و بە نرخێکی گونجاو بوو، کە وایکرد خەڵکێکی زۆر ببنە خاوەنی کەلوپەل و بتوانن ژیانێکی باشتر

14 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

15 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 14.

بەڕێبکەن. بەڵام مۆدێرنیتەی دووەم، کە ئێستا تێیدا دەژین، زیاتر بایەخ بە خودی تاک و ئازادییەکانی دەدات، هەرچەندە ئەمەش کێشە و ئاڵۆزییەکانی خۆی هەیە[16].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کەسایەتییەکی وەک هێنری فۆرد تێگەیشت، کە خەڵک پێویستییان بە ئۆتۆمبێلی هەرزان هەیە. لە کاتێکدا هەمووان خەریکی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی گرانبەها بوون، فۆرد بیری لە جووتیار و کرێکار و کاسبکارەکان دەکردەوە، کە دەیانویست ئۆتۆمبێلیان هەبێت، بەڵام توانای کڕینی گرانبەهایان نەبوو.

بۆیە فۆرد نەک تەنها ئۆتۆمبێلی هەرزانی بەرهەمهێنا، بەڵکوو مووچەی کرێکارەکانیشی زیاد کرد. ئەو دەیزانی کە سیستەمی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ پێویستی بەوەیە خەڵک زۆربن، هەتا بتوانن ئەو بەرهەمانە بکڕن. ئەم بیرۆکەیە گۆڕانکاری گەورەی لە ژیانی خەڵکدا دروست کرد[17]. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتەی یەکەمیش بریتی بوو لە :

(بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ و نرخی کەم)، واتە کەلوپەلی وەک ئۆتۆمبێل، جلوبەرگ و پێداویستی ناو ماڵ بە شێوەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنران و بە نرخی گونجاو دەگەیشتنە دەستی هەمووان. هەروەها (مووچەی بەرز و دابینکردنی کار)، کە کار بۆ خەڵکێکی زۆر دابین دەکرا و مووچەی باش وەردەگیرا. هاوکات (سەقامگیری کۆمەڵایەتی)، واتە خەڵک هەستێکی سەقامگیرییان هەبوو. خێزان دروست دەکرا، ماڵ و موڵک پەیدا دەکرا. لە کۆتاییشدا (بوونی نیمچە سەربەخۆییەک)، واتە هەرچەندە

16 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 28.

17 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 29.

هێشـــتا کۆمەڵگە ڕۆڵی زۆری هەبوو، بەڵام تـاکەکـان لە نەریتە کۆنەکـان دوور دەکەوتنەوە و دەبوونە خاوەنی ژیانێکی نوێ[18].

سـەبارەت بە مۆدێرنیتەی دووەمیش، کە سـەردەمی خود و ئاڵۆزییەکان بوو. لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەمەوە، ژیان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسـەردا هات. لەبری ئەوەی هەمووان بە یەک شـێوە بژین و هەمان شـت بکەن، ئێسـتا تاکەکان زیـاتر بیر لە خود و ئـازادییەکـانی خۆیـان دەکەنەوە[19]. کـە دەتوانی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتەی دووەمیش لە دیدی زۆبۆفدا بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

(سـەروەری خود)، واتە تاکەکان هەسـت دەکەن، کە دەبێت خۆیان بڕیار لەسـەر ژیـانی خۆیـان بـدەن، نەک کۆمەڵگە یـان نەریـت. هـەروەهـا (گۆڕانکـاری لە پێداویسـتییەکاندا، دیارە ئێسـتا مرۆڤەکان تەنها بەدوای کەلوپەلی بنەڕەتییەوە نین، بەڵکوو دەیانەوێت ئەزموونی نوێ بەدەسـت بهێنن، فێربن، گەشـت بکەن و خۆیان بـدۆزنەوە. ئەمەش بووە هۆی دروسـتبوونی تەکنەلۆژیـای نوێ وەک ئینتەرنێت، مۆبایل و سـۆشـیال میدیا. هاوکات (ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا)، کە ئینتەرنێت بووەتە ئامرازێکی سـەرەکی بۆ تاکەکان، هەتا بتوانن زانیاری بەدەسـت بهێنن، پەیوەندی بکەن و دەنگی خۆیان بگەیەنن. دواتر (ئاڵۆزی و ناڕۆشـنی)، واتە هەرچەندە ئەم سەربەخۆییە خۆشە، بەڵام ئاڵۆزیشی هەیە. چونکە مرۆڤ دەبێت خۆی ڕێگەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە و بڕیار لەسـەر هەموو شـتێک بدات و وەڵامی پرسـیارەکانی خۆی بداتەوە، وەک: بە چی بڕوا بکەم؟ کێم؟ دەبم بە چی؟ لەکۆتاییشـدا (سـەرمایەداریی چاودێری)، لایەنێکی نەرێنی ئەم قۆناغە ئەوەیە، کە کۆمپانیا گەورەکان زانیاری زۆر

18 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 30.

19 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 31.

لەسەر ئێمە کۆ دەکەنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرمایەداریی چاودێری، کە ژیانی تایبەتیمان لەژێر چاودێریدا دەبێت[20].

مۆدێرنیتەی دووەم هەرچەندە ئازادییەکی زۆری پێداوین، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ، ستریس و ناڕۆشنی. ئێمە لە نێوان چیرۆکێکی کۆنی نوێگەری و چیرۆکێکی نوێی توندوتیژیی ئابووریدا دەژین، کە ڕێگر دەبێت لەوەی ژیانێکی کاریگەر بەڕێ بکەین.

لە کۆتاییدا، ئەم دوو قۆناغەی مۆدێرنیتەی ئەوە نیشان دەدەن، کە چۆن سەرمایەداری و کۆمەڵگە لە وەڵامی پێداویستییەکانی مرۆڤدا گۆڕاون. تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییانە یارمەتیمان دەدات، لەوە تێبگەین کە بۆچی هەندێک شتی وەک ئایفۆن و گووگڵ و فەیسبووک ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر ژیانمان هەیە و چۆن سەرمایەداریی چاودێری دروست بووە.

## میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵکردن

زوبۆف ئەوە ئاشکرا دەکات، کە سەرمایەداریی چاودێری **گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پێکهاتە ئابوورییەکاندا** دروست کردووە، بەجۆرێک کە ئەزموونە کەسییەکان بوونەتە سەرچاوەی دەرهێنان، هاوشێوەی نەوت و زێڕ. ئەم مۆدێلە بە پێشبڕکێی (زێڕی نوێ) دەشوبهێنێت، کە تێیدا داتای بەکارهێنەران خەڵاتە گەورەکەیە، لە کاتێکدا ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ دەبنە زیانی لاوەکی[21].

[20] ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 31.

[21] ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

لێرەوە پەرەسەندنی سەرمایەداریی چاودێری بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی هاتنی (زیادەی ڕەفتاری) پێویستی بە میکانیزمی نوێ هەبوو. زوبۆف پرۆسەی گۆڕینی ئەزموونی مرۆیی بۆ داتا بە چەمکی (ڕادەستکردن Rendition) پێناسە دەکات، کە سێ واتا لەخۆ دەگرێت: گۆڕینی ئەزموون بۆ داتا، ملکەچکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم پرۆسەیە و پێدانەوەی خزمەتگوزاری لە بەرامبەردا[22]. واتە ئێمە (ناچارین) ژیانمان ڕادەست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەشداری لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بکەین.

ڕوونتر بنەمای سەرمایەداریی چاودێریی لەسەر کۆنترۆڵکردن و شیکردنەوەی ئەزموونی مرۆیی دامەزراوە، بۆ ئەوەی بیکاتە (داتای پێشبینی ڕەفتار). ئەم داتایانە لە بازاڕێکی نوێدا دەفرۆشرێن، کە زوبۆف ناوی دەنێت (بازاڕی داهاتووی ڕەفتار). لەم بازاڕەدا: (کەرەستەی خاو) ئەزموونی مرۆیی (کردارەکان، هەستەکان، پەیوەندییەکان، جووڵە و هەموو چالاکییەکی ئۆنلاین)ن[23]. (پرۆسە) ئەم ئەزموونانە لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکان، ئەپەکان و سێنسەرەکانەوە کۆ دەکرێنەوە و بۆ زیادەی ڕەفتاری (Behavioral Surplus) دەگۆڕدرێن. ئەمە ئەو داتایەیە کە لە پێویستییەکانی خزمەتگوزارییەکە زیاترە. (بەرهەمی پێشبینی) کە بە وردی پێشبینی دەکەن، ئێمە چی دەکەین، چی دەکڕین، یان چ هەڵوێستێک وەردەگرین[24].

بەڵام لۆژیکی سەرمایەداریی چاودێری لە قۆناغی پێشبینیکردندا نەوەستا. کێبڕکێی توند لەنێوان کۆمپانیاکاندا وایکرد، هەنگاوێکی مەترسیدارتر بنێن، ئەویش جووڵەیە لە پێشبینیکردنەوە بەرەو (کارپێکردن Actuation) یان دەستکاریکردنی ڕاستەوخۆی ڕەفتار. زوبۆف ئەمە بە (ئابوورییەکانی کردار Economies of)

22 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.
23 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 15.
24 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

Actionناو دەبات[25]. ئامانج لێرەدا ئەوە نییە تەنها بزانرێت ئێمە چی دەکەین، بەڵکوو دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە ئێمە ئەو کارە دەکەین، کە زۆرترین قازانجی بۆ ئەوان هەیە.

لێرەدا بۆزۆف بە دوو نموونەی دیار ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە:

یاریی پۆکیمۆن گۆ (Pokémon GO)، کە لەلایەن کۆمپانیای Niantic لقێکی پێشووی گووگڵەوە پەرەی پێدرا، تەنها یارییەکی ئاسایی نەبوو. بەڵکوو تاقیگەیەکی گەورە بوو، بۆ دەستکاریکردنی ڕەفتار. یارییەکە بە شێوەیەکی ستراتیژی یاریزانەکانی ئاڕاستەی (شوێنە سپۆنسەرکراوەکان) دەکرد، وەک چێشتخانەکانی ماکدۆناڵد یان قاوەخانەکانی ستارباکس، بۆ ئەوەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا پارە خەرج بکەن. یاریزانەکان وایان دەزانی یاری دەکەن، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا (بە شێوەیەکی نەرم) بەرەو ڕەفتارێکی بازرگانیی دیاریکراو هان دەدران[26].

بەلای زوبۆفەوە یەکێک لە مەترسیدارترین لایەنەکانی سەرمایەداریی چاودێری ئەوەیە کە بە شێوەیەکی **نیمچە نەبینراو** کار دەکات. ئەمەش وا لە بەکارهێنەران دەکات هەست بە ئارامییەکی درۆزنانە بکەن، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو ئاستە بەرفراوانەی چاودێری بن، کە لە ژێریدان. ئەم میکانیزمە وا دەکات ڕەفتاری تاکەکان زۆر بە ئاسانی پێشبینی بکرێت و ببێتە سەرچاوەیەکی قازانجی گەورە بۆ کۆمپانیاکان[27].

---

[25] ) Shoshana Zuboff: Surveillance Capitalism and the Challenge of Collective Action, (https://www.oru.se/contentassets/981966a3fa6346a8a06b0175b544e494/zuboff-2019.pdf), (3/9/2025).

[26] ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 14.

[27] ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

بۆ نموونە زوبۆف ئاماژە بە دوگمەی (لایک Like) لە فەیسبووک دەکات، وەک نموونەی ئامرازێکی کۆکردنەوەی داتا، کە لە ڕواڵەتدا بێ زیان دەردەکەوێت. بەڵام ئەم دوگمەیە لە ڕاستیدا یارمەتیی فەیسبووک دەدات بۆ شیکردنەوەی ئارەزوو، هەست و کارلێکەکانی بەکارهێنەران، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بنکەی داتای زەبەلاح و بەکارهێنانی بۆ پێشبینیکردنی ڕیکلامی ئاڕاستەکراو. لێرەدا دەبێت لەوە ئاگادار بین، کە بەتەنها لایک ناتوانێت ئاڕاستەی ئارەزووی خەڵک دیاری بکات، چونکە ئارەزوو دیاردەیەکی ئاڵۆزترە لەوەی تەنها بە لایک دیاری بکرێت.

لە ساڵی ٢٠١٢دا، فەیسبووک بە نهێنی تاقیکردنەوەیەکی لەسەر ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەر ئەنجام دا. بە دەستکاریکردنی ئەو پۆستانەی کە لە نیوزفیدی بەکارهێنەراندا دەردەکەوتن (زیادکردنی پۆستی ئەرێنی یان نەرێنی)، توانیان بیسەلمێنن کە دەتوانن کاریگەری لەسەر باری دەروونیی بەکارهێنەران دابنێن و هەستەکانیان بگوازنەوە[28]. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوون بوو، لەسەر توانای ئەم پلاتفۆرمانە بۆ دەستکاریکردنی هەست و سۆزی مرۆڤ لە دوورەوە و بەبێ ئاگاداریی خۆیان.

### دەسەڵاتی ئامرازی: فۆرمێکی نوێی هەژموون

دەرەنجامی لۆژیکیی ئەم سیستەمە، سەرهەڵدانی فۆرمێکی نوێی دەسەڵاتە، کە زوبۆف ناوی دەنێت (دەسەڵاتی ئامرازیInstrumentarian Power)، ئەم دەسەڵاتە جیاوازە لە تۆتالیتاریزمی سەدەی بیستەم. تۆتالیتاریزم لە ڕێگەی توندوتیژی و ترس و ئایدیۆلۆژیاوە بۆ گۆڕینی (ڕۆحی) مرۆڤ، هەوڵی

28 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی دەدا[29]. بەڵام دەسەڵاتی ئامرازی گرنگی بە (چییەتی) مرۆڤ نادات، بەڵکو ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارە لە ڕێگەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانەوە[30]. بە واتایەکی تر (دەسەڵاتی ئامرازی) دەسەڵاتێکە کە ڕەفتاری مرۆڤ لە دوورەوە و بەبێ بەکارهێنانی هێزی فیزیکی کۆنترۆڵ دەکات. لە ڕێگەی دیزاینکردنی ژینگە و هەڵبژاردەکانەوە، ڕەفتاری ئێمە (ساز و ئاراستە) دەکات و بەرەو ئاقارێکی دیاریکراو دەمانبات، بەجۆرێک کە هەست بە ناچارکردن ناکەین. بۆ زیاتر پەیبردن بەو (دەسەڵاتە ئامرازییە) دەتوانین تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە:

ناهاوسەنگیی زانیاری: ئەوان هەموو شتێک دەربارەی ئێمە دەزانن، لە کاتێکدا ئێمە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەوان نازانین[31]. ئەم کەلێنە زانیارییە گەورەیە بنەمای دەسەڵاتەکەیان پێکدەهێنێت. ئەمەش پێچەوانەی خەونی سەردەمی گۆتنبێرگ بۆ دیموکراتیزەکردنی زانیارییە و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمێک، کە زانیاری و دەسەڵات لە دەستی کەمینەیەکدا کۆ ببووە[32].

بێبایەخکردنی ویستی ئازاد: دەسەڵاتی ئامرازیی پێویستی بەوە نییە قەناعەتمان پێ بکات یان بمانترسێنێت. لە ڕێگەی دیزاینکردنی ژینگە، سنووردارکردنی هەڵبژاردنەکان و هاندانێکی نەرم (Nudging) ەوە، دەتوانێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، ڕەفتارمان بەرەو ئاقارێکی خوازراو ببات[33].

---

29 ) بڕوانە: هانا ئارێنت: بنەماکانی توتالیتاریزم، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2007.

30 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

31 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 15.

32 ) محمد محمد خالح: تاريخ اوربا من عخر النهضة و حتى الثورة الفرنسية 1500- 1789، دار الجاحظ للطباعة و النشر، بغداد، 1982، ص 76.

33 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

خۆکارکردن و فراوانبوون: ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەوە کار دەکات و بە شێوەیەکی خۆکارانە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان فراوان دەبێت، لە ماڵەوە (لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە) تا دەگاتە شارەکان (لە ڕێگەی پڕۆژەکانی شاری زیرەکەوە)[34].

ئەم دەسەڵاتە نوێیە بنەمای سەروەریی تاک (Individual Sovereignty) بنکۆڵ دەکات، چونکە توانای مرۆڤ بۆ بڕیاردانی ئازاد و ئەزموونکردنی ژیانێکی ڕەسەن دەخاتە مەترسییەوە. کاتێک ڕەفتارەکانمان بە شێوەیەکی بەردەوام پێشبینی دەکرێن و ئاڕاستە دەکرێن، چ بۆشاییەک بۆ ئیرادەی ئازاد و خۆبوون دەمێنێتەوە؟ واتە ئەم سیستەمە توانای تاک بۆ بڕیاردانی ئازاد و سەربەخۆ لاواز دەکات، چونکە بە شێوەیەکی بەردەوام و شاراوە کار لەسەر هەڵبژاردن و هەستەکانمان دەکات[35].

### هەڕەشەکان

کاریگەرییەکانی سەرمایەداریی چاودێری لە سنووری ژیانی تایبەتی تاکدا نامێنێتەوە، بەڵکوو هەڕەشەیەکی جیددییە بۆ سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی دیموکراسی. دەتوانی گرنگترین هەڕەشەکان لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

[34] ) پڕۆژەکانی شاری زیرەک (Smart City Projects) بریتیین لەو هەوڵانەی کە بۆ باشترکردنی ژیان و خزمەتگوزارییەکان لە شارێکدا، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکار دەهێنن . ئەم پڕۆژانە دەتوانن کۆمەڵە بوارێکی زۆر بگرنەوە، وەک: (هاتوچۆی زیرەک) کە سیستەمی هاتوچۆی خۆکار، ڕووناککردنەوەی شەقامەکان بەپێی پێویست، ئۆتۆمبێلی خۆکار بەکار دەهێنرێت. (بەڕێوەبردنی وزە)، سیستەمی وزەی نوێبووەوە، بینای زیرەک، کە وزە بە شێوەیەکی کارا بەکار دەهێنن. (ئاسایش و چاودێری) کە کامێرای زیرەک، سیستەمی ئاگادارکردنەوەی خێرا لەخۆ دەگرێت. (خزمەتگوزارییە گشتییەکان)یش کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک بە شێوەیەکی زیرەک، باشترکردنی کوالێتی هەوا و ئاو دەگرێتەوە. (ژێرخانی پەیوەندی)ش تۆڕی ئینتەرنێتی خێرا و فراوان (G5)، سێنسەری جۆراوجۆر کە داتا کۆدەکەنەوە. واتە بەکورتی شارەکان (لە ڕێگەی پڕۆژەکانی شاری زیرەکەوە) ئاماژەیە بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو خۆکارکردن و فراوانبوونە تەکنەلۆژیاییە لە ئاستی شاردا، بۆ ئەوەی ژیان ئاسانتر و کاراتر بێت بۆ دانیشتووان.

[35] ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

داخورانی تـایبەتمەنـدی: زوبۆف جەخـت لەوە دەکـاتەوە، کە کێشـــەکە تەنهـا لەدەســـتدانی زانیاریی نهێنی نییە. تایبەتمەندیی ئەو (بۆشـــاییيە پیرۆزە)یە کە مرۆڤ تێیدا دەتوانێت بەبێ فشاری دەرەکی بیر بکاتەوە، هەست بکات و خۆی بونیاد بنێت. لەناوچوونی ئەم بۆشـــاییيە واتە لەناوچوونی توانای گەشـــەکردنی کەســـایەتییەکی ســـەربەخۆ[36]. واتە زوبۆف جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ســـــەرمایەداریی چاودێری کاریگەریی مەترســـیداری لەســـەر تایبەتمەندیی کەســـی هەیە. پرۆســـەی بەردەوامی دەرهێنـانی داتـا—لە تۆمـارەکـانی گەڕانەوە تـا خووەکـانی کڕین—دەبێتە هۆی سـڕینەوەی سـنوورەکانی نێوان ژیانی گشـتی و تایبەت. لە ئەنجامدا، بەکارهێنەران دەکەونە ژێر چاودێرییەکی هەمیشـــەیی لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە کە بۆ مەبەســـتی بازرگانی دەست دەخەنە ناو ژیانی تایبەتیانەوە.

یەکێک لەو نموونانەی زوبۆف تیشـــکی دەخاتە ســـەر، چۆنیەتیی بەکارهێنانی نەخشـــەکانی گووگڵ (Google Maps)ە بۆ بەدواداچوونی شـــوێنی جوگرافیی بەکارهێنەران. زۆر کەس ئاگادار نین کە گووگڵ داتا جوگرافییەکانیان کۆ دەکاتەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵیدەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دروســـتکردنی نەخشـــەی وردی جووڵەی تاکەکان، کە هەڕەشـــەیەکی جیددییە بۆ ســـەر ئازادیی تاکەکەســـی، چونکە ژیانی تایبەت بۆ کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکان بەردەست دەکات.

بەمشـــێوەیە زوبۆف ئەوە نیشـــان دەدات کە ســـەرمایەداریی چاودێری مرۆڤ بۆ ئاســـتی چەند خاڵێکی داتا کورت دەکاتەوە، کە لە بازاڕە دیجیتاڵییەکاندا ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی کەرامەتی مرۆیی و ســـەربەخۆیی

[36] Matiur Rahman: Surveillance capitalism: exploring the erosion of privacy in the digital age, (https://thefinancialexpress.com.bd/views/views/surveillance-capitalism-exploring-the-erosion-of-privacy-in-the-digital-age), (31/8/2025).

تاکەکەسـی، چونکە بەکارهێنەران تەنها وەک سـەرچاوەی داتا بۆ کۆمپانیاکان دەمێننەوە.

هەڕەشە بۆ سەر دیموکراسی: کاتێک (دەسەڵاتی ئاڕاستەکردنی ڕەفتار) دەکەوێتە دەسـت چەند کۆمپانیایەکی کەمەوە، پرۆسـەی دیموکراتی دەکەوێتە مەترسـییەوە. ئابڕووچوونەکەی کەمبریج ئەنالیتیکا (Cambridge Analytica) نموونەیەکی زەقە. لەم کەیسـەدا، داتای ملیۆنان بەکارهێنەری فەیسـبووک بۆ دروسـتکردنی پرۆفایلی دەروونیی ورد بەکارهێنرا و پاشـان ئاڕاسـتەکردنی پەیامی سـیاسـیی تایبەتمەند بۆیان، بە مەبەسـتی کارکردن لەسـەر بڕیاری دەنگدانیان[37]. ئەمە تەنها ڕیکلامی سـیاسـی نییە، بەڵکو دەسـتکاریکردنێکی شـاراوەی ڕای گشـتییە، کە بنەماکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە دەشێوێنێت. واتە کاتێک کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکان کۆنترۆڵی ئەوە دەکەن کە بەکارهێنەران چی دەبینن و کەی دەیبینن، ئەوا کاریگەری لەسەر تێڕوانینیان بۆ واقیع دادەنێن، ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی چەواشەکردنی ڕای گشتی و کارکردنە سەر پرۆسە دیموکراتییەکان.

گۆڕینی حوکمڕانیی دیموکراتی بە حوکمڕانیی ئەلگۆریتمی: پرۆژەی وەک Sidewalk Labsی گووگڵ لە شـاری تۆرۆنتۆ، کە هەوڵی بەڕێوەبردنی بەشـێکی شارەکەی دەدا، نموونەی داهاتوویەکی مەترسیدارە. لەم مۆدێلەدا، بڕیارە گرنگەکانی ژیانی هاوبەش (وەک پلاندانانی شـار، ئاسـتی ژاوەژاو، و هاتوچۆ) لە پرۆسـەیەکی دیموکراتی و گفتوگۆی گشـتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەلگۆریتمەکـان، کە لەلایەن کۆمپـانیـاکـانەوە کۆنترۆڵ کراون[38]. ئەمەش واتە جێگرتنەوەی سـیـاسـەت بە

---

[37] ) Joe Westby: 'The Great Hack': Cambridge Analytica is just the tip of the iceberg, (https://www.amnesty.org/en/latest/news/2019/07/the-great-hack-facebook-cambridge-analytica/), (3/9/ 2025).

[38] ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

(حسابکردن Computation)، کە تێیدا بەرژەوەندیی بازرگانی جێگەی بەرژەوەندیی گشتی دەگرێتەوە.

جێی سەرنجە، وەک زوبۆف ئاماژەی پێدەدات، لۆژیکی سەرمایەداریی چاودێری لە ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ قازانجی بازرگانی بەکار دێت، لە کاتێکدا لە چین (بۆ نموونە، سیستەمی (قەرزی کۆمەڵایەتی) هەمان میکانیزم بۆ کۆنترۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلایەن دەوڵەتێکی تۆتالیتارەوە بەکار دەهێنرێت[39]. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە (دەسەڵاتی ئامرازی) دەتوانێت خۆی لەگەڵ سیستەمە سیاسییە جیاوازەکاندا بگونجێنێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دژ بە ئازادیی مرۆڤ کار دەکات.

### چارەسەرەکان و ڕێگەی داهاتوو

زۆرێک لەو چارەسەرانەی کە تا ئێستا پێشنیار کراون، وەک یاسای گشتیی پاراستنی داتا (GDPR) لە ئەوروپا[40]، بە بڕوای زوبۆف کێشە سەرەکییەکە چارەسەر ناکەن. ئەم یاسایانە تەرکیز لەسەر (خاوەندارێتیی داتا) و (ڕەزامەندیی بەکارهێنەر) دەکەنەوە. بەڵام کێشەکە زۆر لەوە قووڵترە. چونکە چەمکی ڕەزامەندی لەم سیستەمەدا واتایەکی نییە. ئێمە ڕووبەڕووی پەیماننامەی بەکارهێنەری درێژ و ئاڵۆز دەبینەوە، کە کەس نایخوێنێتەوە، چونکە ئەگەر ڕازی نەبین، لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بێبەش دەبین.

لەوەش گرنگتر، کێشەکە خودی ئەو داتایە نییە کە ئێمە (دەیدەین)، بەڵکوو ئەو (بەرهەمە وەرگیراوانە)ن (Derivative Products) کە لە (زیادەی ڕەفتاری)

[39] ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.

[40] ) General Data Protection RegulationGDPR: (https://gdpr-info.eu/).

دروســـت دەکرێن[41]. تەنانەت ئەگەر ١٠٠% کۆنترۆڵی داتا کەســییەکانی خۆشــمان هەبێت، ئەمە ناتوانێت ڕێگری لە دروستکردنی بەرهەمی پێشبینی بکات.

بۆیە، چارەســـــەری ڕاســـــتەقینە لە دیدی زوبۆفدا، خاوەندارێتی داتا نییە، بەڵکو قەدەغەکردنی خودی پرۆســـــەی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی (زیادەی ڕەفتاری)یە بۆ مەبەســتی پێشــبینی و دەســتکاریکردن. ئەمە پێویســتی بە جووڵەیەکی ســیاســی و یــاســــــاییی گەورە هەیە، کە دان بەوەدا بنێــت، ئەزموونی مرۆیی نــاکرێــت ببێتە کەرەســـتەی خاو بۆ بازاڕ. پێویســـتە یاســـای نوێ دەربکرێت، کە مافی مرۆڤ بۆ (داهاتوویەکی نەزانراو) و (پەناگەیەکی تایبەت) بپارێزێت.

**ڕەخنە و پرسیارەکان**

یەکەم: نووسەر زۆر بە خێرایی لە سەرکەوتنی ئەپڵەوە بۆ چەمکی (سەرمایەداریی چاودێری) باز دەدات[42]، بەبێ ئەوەی بە وردی ڕوونی بکاتەوە، کە چۆن سەرکەوتنی ئەپڵ ڕاســـتەوخۆ بووەتە هۆی دروســـتبوونی ســـەرمایەداریی چاودێری. هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکات، کە هەمان مەرجە مێژووییەکان بۆ هەردووکیان یارمەتیدەر بوون، بەڵام پێویســـتی بە شـــیکردنەوەیەکی قووڵتر هەیە، ســـەبارەت بە میکانیزمی بەســـتنەوەی ســـەرکەوتنی ئەپڵ بە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتای تاکە کەســـی بۆ قازانج.

دووەم: نووسـەر کاتێک باس لە (هاکی ئەپڵ) دەکات، وای پیشـان دەدات، کە ئەپڵ توانیویەتی (ســـــەرمایەداری هاک بکات) و ســـــیســـــتەمێکی نوێی ئابووری بهێنێتە

41 ) مارتن لوغرو: حوار مع شوشانا زوبوف.
42 ) ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 27.

ئـاراوه[43]. بەڵام، ئەم بۆچوونە تـا ڕادەیەک زیـادەڕەوییە، چونکە ئەپڵ، هەرچەنـدە داهێنەر بوو، بەڵام لە چوارچێوەی هەمان سیستەمی سەرمایەداریدا کاری دەکرد و ئامانجی سەرەکی قازانج بوو. جیاوازییەکە لە شێوازی قازانجکردنەکەدا بوو، نەک لە گۆڕینی بنەمای سـەرمایەداری خۆی. دەبوو نووسـەر بە وردتر ئاماژەی بەوە بدایە کە چۆن ئەپڵ بۆ دۆزینەوەی سـەرچاوەی نوێی قازانج توانیویەتی مۆدێلی بازرگانی و تەکنەلۆژیا پێکەوە ببەستێتەوە، نەک گۆڕینی بنەماکانی سەرمایەداری.

سـێیەم: نووسـەر بۆ شـیکردنەوەی پێویسـتییەکانی مرۆڤ و پەیوەندی بە گۆڕانکارییە ئابوورییەکانەوە، زۆر بە بەهێزی پشـت بە قسـەکانی ئێمیل دۆرکهایم (Emile Durkheim) دەبەسـتێت. هەرچەندە دۆرکهایم کۆمەڵناسـێکی گەورە و گرنگە، بەڵام پشـت بەسـتنی تەواو بە تیۆرییەکانی، ڕەنگە دەقەکە تا ڕادەیەک لە شـیکردنەوەی بوارەکـانی دیکەی کـاریگەر دووربخـاتەوە، وەک کـاریگەرییە سـیاسـییەکان و هێزی دەسـەڵات لە گۆڕینی ئاراسـتەی تەکنۆلۆژیا و ئابووریدا. بۆ نموونە، لە ئاراستەکردنی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژی و ئابووریدا کەمتر باس لە ڕۆڵی حکومەت و ڕێکخستنەکان(regulations) دەکرێت.

چوارەم: نووسـەر بـاس لەوە دەکـات کە (مۆدێرنیتەی دووەم) هێزی تـاک (individual) زیاد دەکات و هەستی خۆدۆزینەوە و ئازادی بە مرۆڤ دەبەخشێت[44]. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەمەش دەتوانێت ببێتە سـەرچاوەی نادڵنیایی و دڵەڕاوکێ. دەبوو نووسەر وردتر ئەو لایەنە نەرێنییانەی شیکار بکردایە، کە چۆن ئەم مۆدێرنیتەیە، کە وادەزانرێت ئازادی بە تاک دەبەخشـێت، لە ڕاسـتیدا

43 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 26.

44 ) Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Powe), p 27..

دەتوانێت بیخاتە ژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی سەرمایەداری چاودێرییەوە و چۆن ئەو هەستەی ئازادی لەوانەیە تەنها وەهمێک بێت.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی قووڵ و ڕەخنەگرانە چەمکی (سەرمایەداریی چاودێری)ی شوشانا زوبۆفی وەک لۆژیکێکی نوێی دەسەڵات لە سەدەی بیست و یەکدا شیکردەوە. دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکان لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

- توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرمایەداریی چاودێری تەنها مۆدێلێکی بازرگانیی دیجیتاڵی نییە، بەڵکو سیستەمێکی ئابووری- سیاسیی سەربەخۆیە، کە لەسەر بنەمای دەرهێنانی (زیادەی ڕەفتاری) لە ئەزموونی مرۆیی دامەزراوە. ئەم زیادەیە بۆ (بەرهەمی پێشبینی) دەگۆڕدرێت، کە لە (بازاڕی داهاتووی ڕەفتار)دا دەفرۆشرێت، بەمەش ڕەفتاری مرۆڤ دەبێتە کاڵایەکی سەرەکیی بازرگانی. گووگڵ وەک داهێنەر و پێشەنگی ئەم مۆدێلە دەستنیشان دەکرێت، کە لە دۆخێکی نائاسایی ئابووریدا و بۆ قازانج، دەستی بە بەکارهێنانی داتای پاشەڕۆ بۆ پێشبینیکردنی ڕەفتار کرد، نەک تەنها باشترکردنی خزمەتگوزاری.
- خاڵێکی وەرچەرخان لە سەرمایەداریی چاودێریدا بریتییە لە گۆڕانی ئامانج لە تەنها پێشبینیکردنی ڕەفتارەوە بۆ (کارپێکردن) یان (ئاڕاستەکردنی) ڕەفتار. ئەمە لە ڕێگەی (ئابوورییەکانی کردار)ەوە بەدی دێت، وەک نموونەی یاریی پۆکیمۆن گۆ (Pokémon GO) و تاقیکردنەوەی گواستنەوەی هەستەکانی فەیسبووک. ئەمەش واتە کۆمپانیاکان نەک بە تەنها دەزانن ئێمە چی دەکەین، بەڵکو ژینگەی دیجیتاڵیی بە

شـــێوەیەک دیزاین دەکەن، کە ناچارمان بکات ئەو ڕەفتارانە بکەین، کە بۆ ئەوان قازانج بەخشە، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین.

- ســـەرمایەداریی چاودێری دەســـەڵاتێکی نوێی بەرهەمهێناوە، کە زوبۆف ناوی دەنێـت (دەســـــەڵاتی ئـامرازیInstrumentarian Power) ئەمە (فۆرمێکی کۆنترۆڵ)ە، کە جیاوازە لە تۆتالیتاریزم، چونکە پشت بە توندوتیژیی یان ئایدیۆلۆژیا نابەستێت، بەڵکوو لە ڕێگەی (ناهاوسەنگیی زانیاری) و (بێبایەخکردنی ویستی ئازاد) و (خۆکارکردن)ەوە ڕەفتار کۆنترۆڵ دەکات. ئەم دەسەڵاتە بە شێوەیەکی شاراوە و هێمنانە کار دەکات، توانای مرۆڤ بۆ بڕیاردانی سەربەخۆ و ئەزموونکردنی ژیانێکی ڕەسەن بنکۆڵ دەکات.
- تایبەتمەندیی کەسی تەنها لەدەستدانی زانیاریی نهێنی نییە، بەڵکوو لەدەستدانی (بۆشاییە پیرۆزەکە)یە، بۆ گەشەکردنی خودی سەربەخۆ. سەرمایەداریی چاودێری مرۆڤ دەکاتە چەند خاڵێکی داتا و کەرامەتی مرۆیی دەخاتە ژێر پێ.

ســەبارەت بەمەترســیش بۆ ســەر دیموکراســی، ئەوا دەســتکاریکردنی ڕەفتاری دەنگدەران لە ڕێگەی داتاوە، وەک لە کەیســـی کەمبریج ئەنالیتیکادا بینرا، بنەماکانی هەڵبژاردنێکی ئـازاد دەشـــێوێنێت. گۆڕینی حوکمڕانیی دیموکراتی بە حوکمڕانیی ئەلگۆریتمی (پڕۆژەکانی شـــاری زیرەک)، دەســـەڵات لە دەســـت هاووڵاتییانەوە بۆ کۆمپانیاکان دەگوازێتەوە.

- لۆژیکی سەرمایەداریی چاودێری لە ڕۆژئاوا بۆ قازانجی بازرگانی و لە وڵاتانی وەک چین بۆ کۆنترۆڵی ســیاســی تۆتالیتاریانە بەکار دەهێنرێت، کە نیشـــاندەری توانای ئەم دەسەڵاتەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سیستەمە جیاوازەکاندا.
- چارەسەرە هەنووکەییەکان وەک (GDPR) کە تەرکیزیان لەسەر خاوەندارێتیی داتا و ڕەزامەندییە، بە بڕوای زوبۆف ناکامن. چونکە کێشـــەکە لە (زیادەی ڕەفتاری)

و (بەرهەمە وەرگیراوەکان)دایە، کە لەو داتایانەوە دروست دەکرێن. بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕاستەقینە پێویستی بە قەدەغەکردنی خودی پرۆسەی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی (زیادەی ڕەفتاریی) بۆ مەبەستی پێشبینی و دەستکاریکردن هەیە. ئەمە داوای جووڵەیەکی سیاسی و یاسایی گەورە دەکات بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ (داهاتوویەکی نەزانراو) و (پەناگەیەکی تایبەت).

- سەرمایەداریی چاودێری دیاردەیەکی مێژوویی و تەکنەلۆژی نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی سیاسی و ئابووریی نوێیە، کە وەک وەرچەرخانێکی مۆدێرنیتەی دووەم سەریهەڵداوە. دەرئەنجامەکانی ئەم سیستەمە قووڵ و گشتگیرن، کاریگەریی لەسەر خودی مرۆڤبوون، ئیرادەی ئازاد، تایبەتمەندی و بنەماکانی دیموکراسی دادەنێت. تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە و بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕیشەیی ئەم دیاردەیە، لە ڕێگەی یاسادانانی نوێ و هۆشیاریی گشتییەوە، چارەنووسی کۆمەڵگە ئازادەکان و پێناسەی مرۆڤ لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا یەکلایی دەکاتەوە.

- لە کۆتاییدا، تێگەیشتن لە سەرمایەداریی چاودێریی یەکەم هەنگاوی بنەڕەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی. وەک زوبۆف دەڵێت، ئەمە جەنگێکە، کە ناکرێت بە تەنها و بە شێوەی تاکەکەسی بەرپەرچ بدرێتەوە. بەڵکوو پێویستی بە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی و ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز هەیە، بۆ دارشتنەوەی یاسا و ڕێسای نوێ، کە تەکنەلۆژیا بخاتەوە خزمەتی مرۆڤایەتی، نەک قۆستنەوەی. داهاتووی کۆمەڵگە دیموکراتییەکان و واتای (مرۆڤبوون) لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا، بەندە بە توانای ئێمەوە بۆ بردنەوەی ئەم جەنگە.

## سەرچاوەکان


1. هانا ئارێنت: بنەماکانی توتالیتاریزم، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2007.

2. محمد محمد صـــالح: تاريخ اوربا من عخر النهضـــة و حتى الثورة الفرنســـية 1500 –1789، دار الجاحظ للطباعة و النشر، بغداد، 1982.

3. مارتن لوغرو: حوار مع شـوشـانا زوبوف: رأسـمالية المراقبة تُحوِّل الحياة إلى مادّة أوليّة طَوْعَ مصالحها، ت: يحيى بوافي،

4. https://www.mominoun.com/articles/7014 حوار-مع-شـــوشــــانا-زوبوف-رأسمالية-المراقبة-تحول-الحياة-إلى-مادة-أولية-طوع-7014

5. Joe Westby: ‘The Great Hack’: Cambridge Analytica is just the tip of the iceberg, (https://www.amnesty.org/en/latest/news/2019/07/the-great-hack-facebook-cambridge-analytica/), (3/9/ 2025).

6. Matiur Rahman: Surveillance capitalism: exploring the erosion of privacy in the digital age, (https://thefinancialexpress.com.bd/views/views/surveillance-capitalism-exploring-the-erosion-of-privacy-in-the-digital-age), (31/8/2025).

7. Sébastien Broca: (t: Renuka George), Surveil and Predict, (About: Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism. The Fight for a Human Future at the New Frontier of Power, Public Affairs, (https://laviedesidees.fr/Surveil-and-Predict), (25/8/2025).

8. Shoshana Zuboff, The Age of Surveillance Capitalism: The Fight for a Human Future at the New Frontier of Power (New York: PublicAffairs, 2019.

9. Shoshana Zuboff: Surveillance Capitalism and the Challenge of Collective Action, (https://www.oru.se/contentassets/981966a3fa6346a8a06b0175b544e494/zuboff-2019.pdf), (3/9/2025).
10. General Data Protection RegulationGDPR: (https://gdpr-info.eu/).

تێبینی:

- سوپاسی هاوڕێی ئازیزم مامۆستا (دەحام محەمەد) دەکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوەی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ و کۆمەڵە سەرنجێکی پێویست و گرنگی پێدام، کە هەندێک لە کەموکوڕییەکانی توێژینەکەی پڕکردەوە.
- لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەو کتێبەی من پشتم پێبەستووە، ئەوە بووە کە لە ئینتەرنێتدا بەردەست بوو، بەڵام بەشێوەیەک سکان کرابوو، کە هیچ لاپەڕەیەکی لە خوارەوە دەرنەچوو بوو و لاپەڕەکان درابوونە دەم یەک، بۆیە من لەپەرەکانم بەپێی لاپەڕەی فایلە ئەلکترۆنییەکە نووسیوە و لە ئینتەرنێتدا بەردەستە. بەستەری کتێبەکە:

https://we.riseup.net/assets/533560/Zuboff%2C+Shoshana.The+Age+of+Surveillance+Capitalism.2019.pdf

CHAPTER TWO

# AUGUST 9, 2011: SETTING THE STAGE FOR SURVEILLANCE CAPITALISM

*The dangers and the punishments grew greater,*
*And the way back by angels was defended*
*Against the poet and the legislator.*

—W. H. AUDEN
*SONNETS FROM CHINA*, II

On August 9, 2011, three events separated by thousands of miles captured the bountiful prospects and gathering dangers of our emerging information civilization. First, Silicon Valley pioneer Apple promised a digital dream of new solutions to old economic and social problems, and finally surpassed Exxon Mobil as the world's most highly capitalized corporation. Second, a fatal police shooting in London sparked extensive rioting across the city, engulfing the country in a wave of violent protests. A decade of explosive digital growth had failed to mitigate the punishing austerity of neoliberal economics and the extreme inequality that it produced. Too many people had come to feel excluded from the future, embracing rage and violence as their only remedies. Third, Spanish citizens asserted their rights to a human future when they challenged Google by demanding "the right to be forgotten." This milestone alerted the world to how quickly the cherished dreams of a more just and democratic digital future were shading into nightmare, and it foreshadowed a global political contest over the fusion of digital capabilities and capitalist ambitions. We relive that August day every day as in some ancient fable, doomed to retrace this looping path until the soul of our information civilization is finally shaped by democratic action, private power, ignorance, or drift.

## *I. The Apple Hack*

Apple thundered onto the music scene in the midst of a pitched battle between demand and supply. On one side were young people whose enthusiasm for Napster and other forms of music file sharing expressed a new quality of demand: consumption my way, what I want, when I want it, where I want it. On the other side were music-industry executives who chose to instill fear and to crush that demand by hunting down and prosecuting some of Napster's most-ardent users. Apple bridged the divide with a commercially and legally viable solution that aligned the company with the changing needs of individuals while working with industry incumbents. Napster hacked the music industry, but Apple appeared to have hacked capitalism.

It is easy to forget just how dramatic Apple's hack really was. The company's profits soared largely on the strength of its iPod/iTunes/iPhone sales. *Bloomberg Businessweek* described Wall Street analysts as "befuddled" by this mysterious Apple "miracle." As one gushed, "We can't even model out some of the possibilities.… It's like a religion."[1] Even today the figures are staggering: three days after the launch of the Windows-compatible iTunes platform in October 2003, listeners downloaded a million copies of the free iTunes software and paid for a million songs, prompting Steve Jobs to announce, "In less than one week we've broken every record and become the largest online music company in the world."[2] Within a month there were five million downloads, then ten million three months later, then twenty-five million three months after that. Four and a half years later, in January 2007, that number rose to two billion, and six years later, in 2013, it was 25 billion. In 2008 Apple surpassed Walmart as the world's largest music retailer. iPod sales were similarly spectacular, exploding from 1 million units per month after the music store's launch to 100 million less than four years later, when Apple subsumed the iPod's functions in its revolutionary iPhone, which drove another step-function of growth. A 2017 study of stock market returns concluded that Apple had generated more profit for investors than any other US company in the previous century.[3]

One hundred years before the iPod, mass production provided the gateway to a new era when it revealed a parallel universe of economic value hidden in new and still poorly understood mass consumers who wanted goods, but at a price they could afford. Henry Ford reduced the price of an automobile by 60 percent with a revolutionary industrial logic that combined high volume and low unit cost. He called it "mass production," summarized in his famous maxim "You can have any color car you want so long as it's black."

Later, GM's Alfred Sloan expounded on that principle: "By the time we have a product to show them [consumers], we are necessarily committed to selling that product because of the tremendous investment involved in bringing it to market."[4] The music industry's business model was built on telling its consumers what they would buy, just like Ford and Sloan. Executives invested in the production and distribution of CDs, and it was the CD that customers would have to purchase.